ولاتی نێوان دوو ڕوبار

نیشانکەرەوەی خواوەند خارابوە پێش ناوی خۆیان لەوانە خواوەندی نەرام سین یەکەم پادشای عێراقی کۆنە کە بزانین کارێکی لەو شێوەی کردوە پاش ئەکەدیەکان گوتیەکان فەرمانڕەوایەتیان کردوە لەوە ناچێت کاری وایان لێ وەشابێتەوە بەڵام لەو سەردەمەدا گودیا حاکمە سۆمەریەکەی شاری لاگاش خۆی کردبوە خواوەند و گومان نی یە دوای مردنی قوربانی پێشکەشی پەیکەرەکان دەکران .

پاش گوتیەکانیش پاشایانی زنجیرەی سێهەمی شاری ئور سامەرای نزیک ناصریە لە باشوری عراق ئەم کارەیان زیندوو کردوە


ئەوە نوسینەی سەرەوە لاپەڕەی ١١ لە کتێبی مێژووی دێرینی کوردستان

بۆ یەکەم جار سەردەمی بنەماڵەی سێهەم ئۆر یان نەختێک پێش ئەو لەکاتی ئوتوخیگال ئەو پادشای گوتیەکانی لە سۆمەر دەرکرد

ئەوە نوسینەی سەرەوە لاپەڕەی ٢٩ لە کتێبی مێژووی دێرینی کوردستان



## ئاریشێن(ئاتال شێن)



نووسینەکەی ئاریشێن (ئاتال شێن)

ئاریشێن(ئاتال شێن) یەکەم پادشای ئورکیش بوو شوێنەوارناسان نووسینەکەی بدۆزنەوە، تەرتیبەکەشی لەڕووی کاتەوە لەگەڵ دوو پادشاکەی تر دیار نییە، ناوی ئەم پادشایە لەسەر لەوحێکی برۆنزیدا دۆزراوەتەوە کە بە ناوی (لەوحەکەی سامەڕا) ناسراوەو کە وتراوە لە شاری سامەڕادا بەدەست کەوتووە[1].

نووسینی سەر لەوحەکە – کە بە زمانی ئەکەدییە – بەم جۆرەیە[2]:

" ( بۆ ) نێرگال، پادشای خاویلوم Hawilum[3]، ئاریسێن Arisien شوانی شار، بنیاتنەر، پادشای ئورکیش Urkiš و ناوار Nawar، کوڕی سادارمات Sadarmat ی پادشا، بنیاتنەری پەرستگەی نێرگال، چۆک پێدادەری دوژمنان، هەر کەسێک ئەم لەوحە تێک بدات با شاماش و ئیشتار ناوی بشارنەوە.

*(لەقەراغی لەوحەکەدا نووسراوە)*

سائوم سێن Saumsien بنیاتنەر). "

**تێبینی لەسەر دەقەکە**

١–نێرگال خوداوەندی شاری (گودوئا)و خوداوەندی جیهانی مردووان و پەتایە لای سومەرییەکان.ڤیلهێلم ناوەکەی بە (نێریگال) وەرگێڕاوە[4].

٢– ڤیلهێلم هێمای si بە še دادەنێت و ناوەکە بە ئاتال–شێن دەخوێنێتەوە. بەهەمان جۆر بۆ دوو ناوەکەی تر دەنگی š دادەنێت و بە (ش) دیخوێنێتەوە، واتە دوو ناوەکە لا ئەو دەبنە: شاتار–مات و شائوم–شێن[5].

٣–شوانی شار لای ڤیلهێلم :"شوانی بەتوانا" ، بەڵام بەگومانەوە[6].

٢–شوێنەوارناسانی نوێ هەرچەندە ناوەکە بە سا–دار–مات دەنووسنەوە بەڵام بە شاتار–مات وەریدەگێڕن (بڕوانە خوارەوە).

٣–سائوم سێن کە ناوەکەی لەقەراغی لەوحەکەدا نووسراوە لەسەرچاوەی تردا بە نووسەری لەوحەکە دانراوە[7].

دەتوانرێت ناوی ئاریسێن بە دوو جۆر بخوێنرێتەوە: یەکەمیان ئاریسێن وەك لەدەقەکەدا هاتووە (یان ئاریسێن) ، دووەمیشیان ئاریشێن ئەویش بەتێبینی کردنی ئەوەی دەبێت دەنگی (س)ی نووسراوە ئەکەدییە کۆنەکان بە (ش)

[1] باسەکەی فرانسوا تورۆ–دانجان لەبارەی ئەو لەوحە ئەمەی خوارەوەیە. ئەم باسەم کردە کوردیو لە گۆڤاری (هەزارمێرد)دا بڵاوکرایەوەو لەم کتێبەمدا هەیە((لەوحەکەی سامەڕا)):

F.Th.-Dangin, La Tablette de Samarra, en; RA, 9, 1912, p.1-4.

بخوێنرێت[١] .هەروەها لەبەر هەبوونی وشەی (شێننی) šenni، لەزمانی خورریدا. لای (تورۆ – دانجان)ش ئارسیێن دەبێ بە "بابلی" بە Arišeen بخوێنرێتەوەو کە ئەم ناوە خوررییە واتای (ناوێك بدە)ی هەیە[٢]. جگە لەمەش و بەتێبینی کردنی خوێندنەوەی بڕگەی یەکەمی ناوەکە بە (ئاتال) لەجیاتی (ئاری) ناوەکە بە ئاتال شێن دەخوێنرێتەوە (بڕوانە بابەتی : وردە فیرعەونەکان... لەم کتێبەدا هەروەها باسی تیشاری-تیشاتال لە خوارەوەدا).

هەر سێ ناوی دەقەکەی سامەڕا خوررین و دەبێت وا جیابکرێنەوە: ئاتال-شێن(ئاری-شێن)، شاتار-مات، شائوم-شێن ئەوەش بەرەچاوکردنی ئەوەی (س) لەو سەردەمەدا بە (ش) بخوێنرێتەوە. ئەمانەش وتەی (گێڵب)ن. ناوبراو هەروەها دەڵێت کە تایبەتییەکی ئەو ناوانە نەبوونی بزوێنی ئی i یاخود ئێ e (کە لەناوە خوررییەکاندا هەیە)و پاشان دەڵێت پێویستە ئەم ناوانە ئەم شێوەیەیان هەبێ لە شارە خوررییەکەی (نوزی)ی خوار کەرکووك (ناوەڕاستی هەزاری دووەمی پ.ز ) : ئاری شێننی Ari-šenni ، شاتارماتی Šatar-mati ، شائوم شێننی یاخود شائیوم شێننی Ša(i)um-šenni[٣].

لەبارەی سەردەمی ژیانی ئاریشێن(ئاتال شێن)ەوە نەختێك ئاڵۆزی هەیە. لە دەقێکی واشدا کە هیچ جۆرە مێژوویەکی لەسەر نەنووسراوە (ڕەنگە ئەگەر بنووسرایە سوودی نەدەبوو) زیاتر پشت بە شێوەی هێما مێخییەکان (واتە شێوەی دەستوخەتەکە) دواییش بە شێوەی زمانەکە دەبەسترێت بۆ دەستنیشانکردنی مێژووەکەی. زانایان لەبارەی سەردەمەکەوە ناکۆکن و بۆچوونەکانیان بەم جۆرەن: سەردەمی ئەکەدی (ڕای نوێتری تورۆ ـ دانجان لە باسی دەقە خوررییەکانی ماری)[٤] .. بۆ سەردەمی ئەکەدی کۆن (سپایزەر، لاندسبێرگەر) .. نێوان سەردەمی ئەکەدی‌و زنجیرەی سێیەمی (ئور)ی سومەری – واتە نێوان سەدەی ٢٤ تا کۆتایی سەدەی ٢١ پ.ز – (ڕای کۆنتری تورۆ-دانجان لە باسەکەی لەوحەکەی سامەڕا، ئونگنات)[٥] .. پێش یان سەرەتای ئور ٣(ڤیلهێلم)[٦]، لەگەڵ ڕایەکی تر کە نووسینەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی بابلیی کۆن(ڤایسباخ)[٧]، واتە پاش زنجیرەی سێیەمی ئور.

ئەگەر بەڕاستی ئاریشێن(ئاتال شێن) دەقەکەی لە سامەڕادا نووسیبێتەوە، دەبێت هاوچەرخی سەردەمێکی کەمبوونی دەسەڵاتی پادشایانی وڵاتی دووڕوبار بووبێت وا کە بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بگەیەنێتە ناوچەی سامەڕا، بەم جۆرەش ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان ڕۆژانی دوای نارام سین تا ناوەڕاستی فەرمانڕەوایی پادشای ئور؛ شولگی (٢٠٩٤-٢٠٤٧ پ.ز) کاتێك ئەم پادشایە لەشکرەکانی ڕووکردە کوردستان‌و باکووری وڵاتی دووڕوبار ماوەیەکی گونجاوە بۆ دەستنیشانکردنی سەردەمی ژیانی ئاریشێن(ئاتال شێن)، ئەم ماوەیەش لە بەشێکیدا ڕێکەوتی فەرمانڕەوایەتیی گوتییەکانە لە وڵاتی دووڕوبار (یان لەبەشێکی وڵاتی دووڕوبار). دەشتوانین دابەزینی ئاریشێن(ئاتال شێن) بۆ ناوچەی سامەڕا بخەینە کاتی تێکچوونی دەسەڵاتی ئەکەد بەهۆی پەلاماری گوتییەوە یان کەمێك پێش ئەوە، بەدووریشی نازانین خوررییەکان یان هەندێکیان بەشێك بووبن لە پەلاماردەرەکان.

ئەوە نوسینەی سەرەوە لاپەڕەی 39 , 40 لە کتێبی مێژووی دێرینی کوردستان

# پادشا گوتییەکان و نووسراوەکانیان*

یەکێك لە دەقە کۆنەکانی تایبەت بە فەرمانڕەوایەتیی پادشایانی ولاتی دووڕووبارو دەوروبەری نووسراوێکە ناوی (لیستی سومەریی پادشایان)ی لێ نراوەو بریتییە لە ژماردنی ناو و ماوەی حوکمی پادشایان لە کۆنترین مرۆڤەوە تا سەردەمێکی دیاریکراو ئەویش سەردەمی ئیسین - لارسا.

نووسراوەکە ژمارەیەك نوسخەی هەیە کە جیاوازییان لە نێواندا هەیە. پێ دەچێت یەکەم نوسخەی لیستەکە لە کاتی ئوتوخێگال بووبێت کە ئەمیان ولاتەکەی لە گوتییەکان رزگار کردبوو. نووسراوەکە بۆ خۆی هەندێك ناتەواویی زانیاریی تێدایە و ژمارەیەك بنەماڵەی فەرمانڕەوا ڕیز دەکات کە یەك لە دوای یەك حوکمیان کردووە، بەلام لە ڕاستیدا ئەمانە لە بەشێکی ماوەی حوکمیاندا تێهەڵکێشن و هاوچەرخن.

یەکێك لە کێشەکانی لیستەکە ماوەی فەرمانڕەوایی گوتییەکانە کە بە ڕواڵەتی نووسراوەکە گوتییەکان ولاتی دووڕووباریان بۆ ٩١ ساڵ (یان ١٢٥ یان ٩٩) حوکم کرد بوو لە کاتێکدا زۆر ڕێی تێ دەچێت تەنها لە بەشێکی ئەم ماوەیەدا حوکمی تەواوی ولاتەکەیان کردبێت ئەویش ئەگەر کردبێتیان. پادشا گوتییەکانیش نووسینیان جێ نەهێشتووە یەك دوانێکیان نەبێت و ئومێدی ئەوەی نووسراوی زۆرتریان بدۆزرێنەوە ئومێدێکی بەهێز نییە مەگەر پشکنین لە گردە شوێنەوارییەکەی کەرکووك (قەلا) بکرێت کە بەپێی لیستەکە پایتەختی گوتییەکان بووە.

گوتییەکان لە سەردەمی دەوڵەتی گەورەی ئەکەدیدا پەلاماری ولاتی دووڕووباریان دا. (هالۆ) دەڵێت کە زانیارییە شوێنەوارییەکان ئەو فیکرەیە دەبەخشن کە بەشی سەرووی ولاتی دووڕووبار (کە دواتر ئاشوری پێ دەوترا) بەسەختی وێران کرابوو، ناوەڕاستیش ، واتە ئەکەد، وێرانکارییەکەی کەم بوو لەکاتێکدا وێرانکردن و ئاوەدانکرنەوە باشوور، واتە سومەری تا ڕادەیەکی زۆر نەگرتەوە. قسەی (ئادامز)یش دەهێنێتەوە کە دەشتەکانی دیالە (سیروانی خواروو) خراپی بەسەر هاتبوو هەرچەندە لەوانەیە ژیانی گوندەکان تەنانەت گەڕەکەکانی شارە گەورەکان وتەنانەت بچووکترەکان دوای پچڕانێکی کەم دەستی پێ کردبێتەوە[1].

گوتییەکان مایەی ترسێکی گەورە بوون بۆ خەڵکی ولاتی دووروبار و بە تایبەتی سومەرییەکان کە لە هەموو دوژمنێکی تر زیاتر لێیان دەترسان و ناویان نابوون مارو دووپشك (یاخود ئەژدیها)ی چیاکان[2].

ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی گوتییەکان لەنێوان سەدەی (٢٣) و (٢٢)ی پێش زایین بووە، بەلام نازانرێت لە ساڵی چەندەوە دەست پێ دەکات و کاتی دەستپێکردنی گوتییەکان کوێیان لە ژێر دەستدا بوو. بە شێوەیەکی گشتیش ماوەکە کەوتبووە نێوان ماوەی (شارکالی شارری)ی کوڕی نارام سین و ئوتوخێگال کە گوتییەکانی لە سومەر دەرکرد.(هالۆ) "ماوەی گوتی" بە چل یان پەنجا ساڵ زیاتر نازانێت کە ئەوە ماوەی نێوان دەسەلاتی شارکالی شارری و (ئور-نامموو)وە[3].ئور-نامموش دوای ئوتوخێگال حوکمی کردو دامەزرێنەری بنەماڵەی سێیەمی ئور بوو[4].

## پادشا گوتییەکان

ناوی پادشاکان و تەرتیبیان کە لە خوارەوەدا هەیە بەپێی یەکێك لە دەستنووسەکانی لیستەکەیە (نوسخەی WB).
نوسخەکانی تر جیاوازییان هەیە لە ژمارەو لە ناو و لە پێش و دواخستن:

١- پادشایەکی بێ ناو

٢- ئیمتا Imta ٣ساڵ

٣- ئینکیشوش Inkišuš ٦ساڵ (نوسخەی تر: ٧ساڵ)

٤- سارلاگاب Sarlagab (Sar – lagab – la - gab) ٦ساڵ

٥- شولمێ Šulme (لە دەستنووسێکدا: یارلاگاش Iarlagaš) ٦ساڵ

٦- ئێلولومێش Elulumeš ٦ساڵ (دەستنووسی تر:٧)

٧- ئینیماباکێش Inimabakeš ٥ ساڵ

٨- ئیگێشائوش Igešauš ٦ساڵ

٩- یارلاگاب Iarlagab ١٥ساڵ

١٠- ئیباتێ Ibate ٣ساڵ

١١- یارلا<نگاب> Iarla <ngab> ٣ساڵ

١٢- کوروم Kurum یەك ساڵ

١٣- ⌈خا⌉- بیل - کین (؟) ⌈ha⌉ – bil – kîn (?) یان (کی)(?) ki – ٣ساڵ

١٤- [لائێ] رابوم [Laé] rabum ٢ساڵ

١٥- ئیراروم Irarum ٢ساڵ

١٦- ئیبرانوم Ibranum یەك ساڵ

١٧- خابلوم Hablum ٢ساڵ

١٨- پوزور- سین Puzur - Sîn کوڕی خابلوم ٧ساڵ

١٩- یارلاگاندا (؟) [Ià (?)]- ar-la-ga-an-da ٧ساڵ

٢٠- سیئو(؟) [Si]-⌈$u_4$⌉ (?) {ڕەنگە هەر سیئوم Si'um(Si-ù-um) بێت کە ناوی لە نووسینێکی تردا هاتووە} ٧ساڵ.

٢١- تیریگا(ن) Tiriga(n) ٤٠ ڕۆژ[1]

ماوەی فەرمانڕەوایی گوتییەکان لە نێوان ١٢٥ ساڵ تا ٩١ ساڵە ئەویش بەپێی خەمڵاندنی جیاواز، ژمارەی پادشاکانیش هەروەها خەمڵاندنی جیاوازی هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستنووسە جیاکانی لیستی سومەری پادشایان هەروەها تێگەیشتن لە دەقەکە. ژمارەی ٢١ پادشامان هەیە کە ١٢٥ ساڵ (نوسخەی تر: ١٢٤) و چل ڕۆژ حوکمیان کردووە. ژمارەی ٢٣ پادشاو ٩٩ساڵیش هەیە. لە نوسخەی تریشدا، کە تاکە نوسخەیە بە شێوەیەکی باش ماوەتەوە و کەمتر لەوانی تر شکاوە، ٢١ پادشاو ٩١ ساڵ و ٤٠ ڕۆژ هەیە[2]. لە کاتێکدا دەستنووسەکانی سوسە (پایتەختی ئێلام) شوێنی تەنها چەند فەرمانڕەوایەکی کەمیان تێدایە و وا دیارە هەموو ماوەکەیان تەنها بە ٢٥ ساڵ دادەنێت[3]. جیاوازیی خەمڵاندنەکەش بە پێی یاکۆبسن لەوانەیە

بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی هەڵەی دوایەمین هێما (ئێش eš) لە ناوی ئێلولومێش یان ناوی ئینیماباکێش I-ni-ma-ba-ki-eš[١].

ئەو دەقانە ناوی ئەو پادشایانە وەك لەشکر ugnim یاخود وڵات ma-daی گوتیوم وەسف دەکەن[٢]. هەروەها دەستنووسێکی لیستی پادشایان دەڵێت: لەشکری گوتیوم پادشای نەبوو، خۆی خۆی حوکم دەکرد (ئەویش) بۆ ماوەی پێنج ساڵ[٣].

لە لیستی قوربانیش کە هی پادشای بابلی عەمی صەدوقا (١٦٤٦-١٦٢٦پ.ز) سەردەمی گوتی پێش سەردەمی " خانا" یی و ئاموری بوو و بە پێشینێك دەست پێ دەکات کە ناوەکەی خۆی داوە بە زنجیرەکەو بە ئارا(م) یان بە خارخار(و) ناوبراوە[٤]. دەکرێت ناوی یەکەم لەگەڵ ئارمانو Armanu بەراورد بکرێت و دووەمیان لەگەڵ کارخار[٥] (یاخود : خارخار ئەویش بۆ ئەوانەی کارخارو خارخار بە یەك شوێن دەزانن).

ئارمان بە شوێنێك لە سووریا زانراوە بەڵام هەروەها بە شوێنێك لە ناوچەکانی باشووری شارەزوور، خارخاریش (کە بە کارخار زانراوە – بڕوانە بابەتی وردە فیرعەونەکان.. لەم کتێبەدا) هەر لە دەوروبەردا بووە(بڕوانە باسی خارخار لەکتێبی دووەمدا). هەرچەندە نزیکەی پێنج سەدە سەردەمی پادشای بابل لەوەی گوتییەکان جیا دەکاتەوە بەڵام ئاماژەکە جێگەی سەرنجە چونکە یەکەم پادشا بە ناوچەیەك پەیوەست دەکات کە پێ دەچێت بەڕاستی شوێنی ئەسڵیی گوتییەکان بووبێت.

* * * * * * * *

ئەو نووسراوانە کەمن کە تەئکیدی ناوەکانی لیستی سومەریی پادشایان بکەن. لەم ڕووەوە ناوی پادشایەك هەیە کە لە ناوی یەکێك لە پادشا گوتییەکانی لیستەکە دەچێت ئەویش شارلاگ یاخود ئاششارلاگ (AŠ-)šar-la-ag کە شارکالی شاڕی کوڕی نارام سین ناوەکەی لە یەکێك لە ساڵەکانی حوکمی خۆی: "ئەو ساڵەی تیایدا شارلاگ ( یان ئاششارلاگ)ی پادشای گوتی بە دیل بردووە"[٦]. (هالۆ) دەڵێت دەکرێت ئەم ناوە ، هەروەها ناوی (یارلاگان) کە لە نووسینێکی شاری (ئوممما) دا هەیە لەگەڵ ئەم ناوانەی دەستنووسە جیاکانی لیستەکە بەراورد بکرێن:

١- پادشای دووەم: [ ... ارلاگ ] ا – با [x-ar-la-g] a-ba (نوسخەی $Su_4$ (x هێمایەکی شکاوە)

٢- پادشای سێیەم: [ ...لاگا] نـ؟ – دا؟ [x-la-ga-a] n?-da? (نوسخەی $P_4$)

٣- پادشای چوارەم: یالاگاب $ià\text{-}lagab^{la\text{-}gab}$ (نوسخەی WB) هەروەها ia!-ar-la-ga-ba (نوسخەی $L_1$)

(بڕوانە پەراوێزی ٢٩ لە خوارەوە)

٤- پادشای پێنجەم: یارلاگاش ia-ar-la-ga-aš (نوسخەی $L_1$)

٥- پادشای نۆیەم: یارلاگاب ia-ar-la-gab (نوسخەی WB) هەروەها: ...گاب gáb – [ ] ( نوسخەی $L_1$ ).

٦- پاشای یانزەیەم: یارلا ia-ar-la (WB) هەروەها [x-a]r-⌈la⌉-an-gab (نوسخەی $L_1$ ).

٧- پادشای نۆزدەیەم: [ ... ] ارلاگاندا [x]-ar-la-ga-an-da (WB) [٧]

ماوەی کەمی فەرمانڕەوایی پادشا گوتییەکان کرابووە بەڵگە لەسەر ئەوەی ماوەکە پڕ پشێوی بووە لە کاتێکدا دیاکۆنوف وای بۆ دەچێت کە بۆی هەیە ئەو پادشایانە هەڵدەبژێردران و بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە هەندێك ناو دووبارە دەبنەوە[٨].ئەمەش

دوور نییە چونکە بنەمای هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا لەلایەن خێڵەوە یان جەنگاوەرانی خێڵەوە دیاردەیەکە لە ناو هەندێك گەلدا هەبووە کە خێڵەکی بەسەریاندا زاڵ بووە. لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە ئەوەی ناوی نراوە ((گوتی)) لە راستیدا تێکەڵەی چەند گەلێك بێت کە پێکەوە پەلاماری وڵاتی دووروباریان دابوو و بۆی هەیە هەر جارەی پادشاکە سەر بە یەکێکیان بووبێت. تەئکیدی ئەوەش کە ئەمانە بە هەڵبژاردن دەبوونە پادشا ئەوەیە کە پێشتر ئاماژەمان واتە ((لەشکری وڵاتی گوتیوم)). ئەوەش هەیە کە لە ماوەی دوای شارکالی شارری و پێش گوتییەکان لە لیستی سومەریی پادشایاندا چوار پادشا ژمێردراون و بەم جۆرە وەسفیان کراوە((کێ پادشا بوو و کێ پادشا نەبوو))و کە مەرج نییە نیشانە بێت تەنها بۆ حاڵەتی پشێوی. یەك بەڵگەی تریش دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە تەنها یەك پادشا کوڕی پادشایەکی پێشووتری بووە واتە بنەمای میراتی تەنها لە یەك حاڵەتدا بینراوە.

سەبارەت بە ناوی پادشا گوتییەکان دەبینین ئەوانەی دواییان (ژمارە ١٢ تا ١٨) بەزۆری ناوی ئەکەدی و تەنانەت ئاموریشیان هەڵگرتووە[١]. سەبارەت بە ناوی یارلاگان (هالۆ) دەڵێت لەوانەیە ئەمە نازناو بێت یان بووبێتە نازناو و دەڵێت یەکێك لە ناوەکانی دەستنووسێك لەمانە دەتوانرێت بە [x-la-g]a-an-dé تەواو بکرێت بەڵام دوو دەستنووسی تر لەجیاتی ئەوە وشەی (پادشا)یان داناوەو یەکێك لەم دوانە ئەوە زیاد دەکات: هیچساڵێکی نەبوو (واتە هیچ ساڵێك حوکمی نەکرد) کە ئەمە واتای ئەوەیە ناوی کابرا وەك ناوی بنەماڵەکە بەکارهاتووە[٢].

دەربارەی ناوەکانی تریش ئەم تێبینییانە هەیە: بەبڕوای یاکۆبسن دەکرێت هەردوو ئینکێشوش (کە لەوانەیە بەشێوەی ئینگێشوش in-ge-šuš و ئیگێشائوش i-ge-eš-a-uš بخوێنرێتەوە)و ڕەنگە یەك ناو بن ئەویش ئینگێشۆش igešôš بن[٣].

دەنگی g~ بریتییە لە تێهەڵکێش کردنی دوو دەنگی (ن) و (گ) وەکو وشەی (مانگ) لە شێوازی سلێمانیدا و کە لە سومەریدا ئەو دەنگە هەیە لە کاتێکدا دەنگی (ۆ) لە نووسینی مێخیدا تەعبیری لێ ناکرێت و بۆیە یاکۆبسن ئەم رایەی هەبووە چونکە ناوی یەکەم بە (uš) کۆتایی پێ دێت و دووەم ناو بە (auš) بۆیە لەوانەیە ئەم هەوڵێك بووبێت بۆ نووسینی دەنگی (ۆ).

## ئێرریدوپیزیر

لەو نووسینانەی ناوی پادشا گوتییەکانیان تێدا هاتووەو کە بەپەنجەی یەك دەست دەژمێردرێن، تەنها ئەوەی ئێرریدوپیزیر و لائێراب هەیە کە خۆیان نووسیویانەو خۆیان وەك پادشای گوتی وەسف کردووە. لەو دوانە ئەوەی ئێرریدوپیزیر دوورودرێژترەو گرنگترە. نووسینەکەی ئێرریدوپیزیر زانیاریی زۆر گرنگ لەبارەی حوکمی گوتییەکان و لەبارەی ناوچەکانی کوردستانی کۆن و پەیوەندیی ئەو ناوچانە لەگەڵ گوتییەکان ئاشکرا دەکات.

ئێرریدوپیزیر Er-ri-du-pi-zi-ir یان ئێنریداپیزیر En-ri-da-pi-zi-ir[٤] خۆی بە " پادشای گوتوم Gutum وچوار لاکان(ی جیهان)" ناوبردووە[٥]، بەڵام دەبینین ناوی لە لیستی سومەریی پادشایاندا نایەت، ئەمەش وای کرد ناوبراو بەو پادشایەی لیستەکە بزانرێت کە یەکەم پادشایەو ناوی نەنووسراوەو وتراوە" پادشایەکی بێ ناو"[٦].

سەردەمی ژیانی ئێرریدوپیزیر دیار نییە بەڵام بەپێی ئەو بەسەرهاتەی باسیان دەکات گومان کەمە لەوەی یەکێکە لەپاشایانی گوتی کە وڵاتی دووروباریان گرتبوو. بۆ نموونە باسی کۆبوونەوەی لە شکرو چوونی بۆ سیموررووم دەکات و دەڵێت ئیشتار سەربازی لە ئەکەددا دامەزراند، کە ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دەسەڵاتی پادشا بەسەر ئەکەددا.

---

[1]Hallo, RLA, 3, p.711.

[2]Ibid.

[3]SKL, p.119.

[٤] فراین بۆ ئێرریدو-پیزیرErridu-pizir شیی دەکاتەوە.

[5]SKL, p.117.

[6]SKL, p.117.





نووسراوەکەی ئێرریدوپیزیر لەوحێکی سەردەمی بابلی کۆنە کە لە ئەسڵێکی ئەکەدیی کۆنەوە وەرگیراوە[١]. لەوحەکە لە شاری نیپپور (شاری پیرۆزی سومەری) دۆزراوەتەوەو بریتییە لە دەستنووسی سێ نووسینی پەیکەر. لەوحەکە شکاوەو لە ٢٠ پارچە پێکەوەنراوەتەوەو لاکانی ٢٠ سانتیمەتر بە ١٣,٦ سانتیمەتر. جگە لەوەش دوو پارچەی تر هەن ؛ یەکێکیان ١١,٨ بە ١٣,٥سانتیمەترو ئەوەی تر ٧,٢ بە ٨,٢ سانتیمەتر[٢]. پەیکەرەکە خۆشی نەدۆزراوەتەوە.

ئەمانەش سێ نووسینی پادشاکەیە (ژمارەی ستوون و دێرەکانم نەنووسیوە، دابەشکردنی دێڕەکانی ئەم وەرگێڕانە کوردییەش بەپێی ژمارەی دێڕەکانی ئەسڵەکە نییە)[٣] .

**1**

[خوداوەند ... خوداوەندە (تایبەتییە)کەیەتی] ،

[خوداوەند ئێشتا]ر- [ئاننونیـ] توم ... ـەکەیەتی (و)

خوداوەند ئیلابا $\grave{I}l\text{-}a\text{-}ba_4$ خوداوەندی بەهێزی خوداوەندەکان ،

(خوداوەند) ی عەشیرەتەکەیەتی. ئێرریدوپیزیری بەهێز

پادشای گوتوم Gutum[٤] و چوار لاکان .

ئو[س س] [xx] -ù[٥]، سوپ[اسالار]ـەکەی ئەو،

مادگا(؟) ⌈Ma(?)⌉-[a]d-[ga]

کەلێن لە دەقەکە[٦]

[ئێرریدو] پیزیـ[ ر] ی بە[هێز] ، پادشای گوتوم و چوارلاکان

پەلەی کرد (بۆ ڕووبەڕوبوونەوە)ی.

(لەبەرئەوەی فەرمانڕەوای مادگا) لێی ترسا چووەناو کێو[٧] و

(ئێرریدوپیزیر) ڕاوی نا (و) گرتی (و) ئەو، پادشاکە،

ئەوی برد(و) ... ی کرد.

ئێرریدو[پیـ]ـزیری بەهێـ[ز] پادشای گوتوم و چوار لاکان،

(ئەوی) بە زۆرەملێوە بەناو دەرگای خوداوەندی گوتومەوە برد،

لێیدا (و) کوشتی، پادشا (ی مادگا).

وەها (قسە دەکات) ئێرریدوپیزیری بەهێز،

پادشای گوتوم [ و] [چ]ـوار [لا]کان:

لەو کاتەدا پەیکەرێکی خۆمم دروستکردو ... ێکم دانا لە ملیدا...

---

ئەوە نوسینەی سەرەوە لاپەڕەی ٨٢ تا ٨٦ لە کتێبی مێژووی دێرینی کوردستان

"ئیلولو Ì-lu-lu خزمەتکاری سیئاوم Si-a-um"[1].

## یارلاگانـ [دا]

نووسینەکەی تری شاری ئوممـا هـی نامـاخنی یاخود نامماخانییـە Nammah(a)ni و تێیدا هاتووە کە ((ئەو کاتەی یارلاگان Ià-ar-la-ga-an پادشای گوتیوم بوو))[2].

پێدەچێت ئەم نامماخانییە بێت کە سەر بە گوتییەکان و نەیاری (ئورناممو)ی شاری ئور بوو کە دوای ئوتوخێگالی ئوروك بنەماڵەی سێیەمی ئوری دامەزراند. یارلاگان پادشای نۆزدەیەم بوو و لە ناوەکەی تەنها (ئارلاگاندا)ماوە و دیارە یاکۆبسن بەهۆی ئەم نووسینە ناوەکەی تەواو کردووە.

نیشانکەرەوەی خوداوەندێتی نەخراوەتە پێش ناوی هەر سێ پادشاکە، ئێررودوپیزیر و سیئوم و لائێراب، بەم پێیەش ئەمانە لاسایی نارام سینیان نەکرد لە خۆبەخوداوەند زانین.

وەك وتمان (هالۆ) بە دووری نازانێت یارلاگان نازناو بووبێت لێرەشدا بە شیاوی دەزانم بۆچوونێکی خۆم بڵێم سەبارەت بە ناوەکەو ناوەکانی تر. لە چوار ناودا دەبینین برگەی (یار) دووبارە دەبێتەوە: یارلاگاب و یارلانگاب ئەگەر دوو ناوی جیاواز بن لەگەڵ یارلاگان و یارلاگاش کە ئەمیان لە دەستنووسێکی لیستەکەدا لە جیاتی شولمێ نووسراوە. ئەمە وامان لێ دەکات بیر لەوە بکەینەوە (یار) برگەیەکی سەربەخۆ بێت و واتای (پادشا) یان شتێك لەو بابەتە بدات.

وشەی ئێوری ewri لای خوررییەکان واتای "پادشا" یان "ئاغا" یان هەبوو و ئەمە لە (یار) نزیکەو ڕەنگە لەبەر قورسیی برگەی (ئێوری) سومەرییەکان کردبێتیان بە (یار). جگە لە ئێوری لای خوررییەکان وشەی ئێندان endan هەبوو کە پێدەچێت هەر واتای پادشا بدات (یان: نازناوێکی ئایینییە یان هەردووکیان) و لەکۆتایی ناوی (یا؟ ئارلاگاندا)ی لیستەکە دەچێت[3]. هەردوو وشەی ئێوری و ئێندان لە هەزاری سێیەمی پێش زایینیدا هەبوون[4].

ئەگەر یار واتای پادشا بدات زۆر بە ئاسانی لە ناوی یارلاگاب تێ دەگەین کە دەبێت واتای (پادشای لاگاب) بدات. لە هەزاری یەکەمی پێش زایینیشدا ناوی لەم بابەتە هەیە کە شارێك بوو لە نێوان دەربەندی بازیان و ڕوباری تەینالْ. سەرەتا ئاشورناصیرپالی دووەمی ئاشوری ساڵی ٨٨٠ پێش زاین ناوی لاگالاگا Lagalaga دەهێنێت کە لە باسەکەیەوە ئەوەندە تێدەگەین لە ڕۆژهەڵاتی دەربەندی بازیان بووە. پاشان لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زاین ناوی تاگالاگا Tagalaga و لاگاب گالاکی Lagabgalagi پەیدا دەبن کە هەر لەو دەوروبەرەدا دەبن ویەکێکان لە نێوان دەربەند بازیان و ڕوباری تەینالْ دەبێت[5].

لەمەوە دەتوانین بڵێین پادشای گوتی هەڵگری نازناوی پادشای لاگاب بووە. لە لایەکی ترەوە ناوی سارلاگاب (پادشای چوارەم) برگەی لاگاب لە ناوەکەیدا هەیە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە خوێندنەوەی تری ناوەکە[6] (یالاگاب)ەو لە دەستنووسێکی تردا (یارلاگابا) هاتووە ( بڕوانە سەرەوە). یەکەمیشیان بە دوو (لاگاب) نووسراوە ؛ برگەی یەکەم یەك هێمایە lagab و دووەم

---

[1]RIME 2, p.230.

فراین بە سیئائوم Si ᵓā ᵓum ی دەخوێنێتەوە.

[2]Hallo, RLA, p.712

بڕگە بە دوو هێماla-gab نووسراوە. ئەوەندەش بزانم ئەمە بۆ ئەوە بووە خوێنەری دەقە مێخییەکە بۆی روون بێتەوە هێمایی چۆن بخوێنرێتەوە چونکە هێماکە خوێندنەوەی جیاجیای هەیەو یەکێك لە بەکارهێنانەکانی بریتییە لە وشەی LAGAB ی سومەرییە[1]. بەڵام بۆچی نەکرێت ناوەکە یا-لاگاب – لاگاب (کە دەبێت راستەکەی: یار-لاگاب – لاگاب بووبێت) بخوێنرێتەوەو بەم جۆرە نزیکتر دەبینەوە لە ناوی شاری (لاگالاگا)و(تاگالاگی)و (لاگاب گالاگی) ی هەزاری یەکەم کە ڕەنگە لە هەزاری سێیەمدا (کاتی فەمانڕەوایی‌ی گوتییەکان) ناوی لاگاب لاگاب بووبێت؟ لێکدانەوە ناوی ئەو پادشایە بەو جۆرە واتە دەستنیشانکردنی واتای بڕگەی(یار) و فەرز کردنی ئەوەی شارێك هەبووە بەناوی لاگاب یاخود لاگاب لاگاب هەموو ئەمانە تەنها بۆچوونن و بەڵگەی زۆرتریان پێویستە. خۆ ئەگەر راستیش بن ئەوا پەیوەستێکی گەورە لەنێوان گوتییەکان وناوچەی رۆژهەڵاتی دەربەندی بازیان (کە دواتر گەلی لوللو تیایدا دەژیا) دەدۆزینەوەو ئەگەر ئەمیان تەئکید بوو دوو ئیحتمالمان دەبێت : یان ئەو ناوچەیە پێشتر گوتییەکانی تێدا بوو و یان ئەو چەند پادشایەی بڕگەی فەرزکراوی (یار) لە ناوەکانیاندا هەیە لە راستیدا لوللویی بوون. بەڵام ئەو ئیحتمالە دەمێنێتەوە وشەی یار (ئەگەر ئەو واتایەی پێمان دا ڕاست بێت) وشەیەکە گەلانی ئەو ناوچانە بەگشتی بەکاریان دەهێنا.

جگە لەو واتایەی بە گریمانە بۆ بڕگەی (یار) دامانناوە پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە وشەی (ئار) یان (ئاری)ی خورری واتای (بدە)ی هەیە[2] ، ئەم جۆرە پێکهاتانەش بەواتای: "(شتێك) بدە" هەن .

بەراوردییەکی تر بیکەین ناوی پادشای شاری قابرا Qabrā یە کە کەوتبووە دەشتی هەولێرو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم وسەرەتای سەدەی هەژدەیەمی پێش زاین ناوی دەبیسترێت. پادشاکە ناوی ئارداکاندا Ardakanda [3] بوو و لە ناوەکەیدا (ئاندا)ی نزیك (ئێندا =پادشا) و کۆتایی ناوی (یا؟ ئارلاگاندا) هەیە لەگەڵ (ئار)ی سەرەتا کە لە (یار)ەوە نزیکە واتە ئەگەر یەکێك لە بۆچوونەکانی سەرەوەمان راست بێت ئەوا لەوانەیە وشەی (پادشا) یان لە کۆتایی ناوەکە ( ئاندا= ئێندا) یان لە سەرەتاکەیدا (ئار= یار– ئێروی) هەیە.

* * * * * * * *

ئیباتێ Ibate ، پادشای دووەمی زنجیرەکە، هەڵگری ناوێکە هاوشێوەی هەیە ئەویش یابرات Iabrat کە وتراوە ((پیاوی سو)) وە – سوبارتو (سەردەمی ئور ٣)، هەروەها ناوی تر: ئێبارات Ebarat و یابارات Iabarat کە لە نووسینی (سوسە)دا هەن. جگە لەوەش ناوی ئێبارتی Ebarti کە ناوی ژمارەیەك پادشایە لە شیماش (سیماش)و ئێلام، ئەمەش جگە لە ناوی هاوشێوەی شوێن و خوداوەند کە پەیوەندییان بە ئێلامەوە هەیە[4]. شیماش یاخود سیماش لە باکووری ئێلامدایە.

ناوی نزیکتر لەمەش: یابتی Iabti کە لەدەقێکی سەردەمی ئور٣ دا هاتووەو بەم جۆرە: بادوکرات Badukrat کوڕی یابتی Ià-ab-ti پیاوی سوئا $SU.A^{KI}$[5].

(گێلب) لە کتێبەکەیدا لەبارەی خورریو سوبارییەکان دەڵێت لەو ناوانەی کۆیکردوونەتەوە کە سەر بە ناوچەی سو(ئا) $SU(.A^{KI})$ ـن چەند ناوێك بە (ت) تەواو دەبن و دەڵێت هەروەها لە ناوی زۆری کەسان و شوێنان لە (کاپادۆکیا) بەشێوازی -at و -it و –ut و دواتر لە سەردەمی درەنگتری (خاتتی)دا گۆڕان بۆ –ant و –int و -unt هەروەها لە ناوی چەند شوێنێك لە باکووری سووریاو باکووری دووڕووبار[6].

## پادشایەکی گومانلێکراو

پادشایەکی تر هەیە لە نووسراوی کابرایەکدا هاتووە کە نووسەری شاری ساریگ $Sa_{12}$-$rig_5$ (بە سومەری ساگپاکابدو)ی نزیک شاری (ئومما) بوو و وەك نەزرێك و پێشکەشییەکی قوربانی بۆ ژیانی نووسیویەتی. پادشاکە ناوی شارراتیگوبیسین Šarratigubisin بوو و یاکۆبسن دەڵێت لەوانەیە بە مواتی قوبیسین Muatiqubisin بخوێنرێتەوە. نووسینەکە لەسەر قاپێکەو بەم جۆرەیە:

> ((بۆ نین ... Nin-x ی پادشا، کە خراپە دوور دەخاتەوە، نیگدوپائێ Nigdupae، نووسەری نووسینگەی تۆمار لە شاری ساگپاکابدو Sagpakabdu،کوڕی ئورگیشار Urgišar ی نووسەر بۆ ژیانی شاراتیگوبیسین، پادشای خۆی، بۆ ژیانی خۆی‌او) بۆ ژیانی ژن و منداڵەکانی پێشکەش کرد (نزیک *وێنەی سەر قاپەکە*)نینگێشتین[١]، نینابسوا[٢]،نامسیلکاکا(؟)، گیم ئینیننی، لیمیساگا، ژنەکەی. سیگکالامنیتو، لوگالودااننا، باشائێا، ئورکادی Ur-$^{d}$Kadi )).[٣]

هەرچەندە هیچ لە نووسینەکەدا نییە باس لەوە بکات کە پادشا گوتییە بەڵام وەکو ئیحتمال بە پادشایەکی گوتی زانراوە، لای یاکۆبسنیش دەکرێت پادشایەکی بچووکی ناوچەیی بووبێت. ناوی پادشا لای یاکۆبسن زیاتر بە مواتی قوبیسین Muatiqubisin دەخوێنرێتەوە و دەڵێت (مواتی) یەکێکە لە ناوەکانی خوداوەند (نابو)ی شاری بورسیپپا و رێکە لەگەڵ شێوازی: Muati-qu(b)bîsin ی ئەکەدی بە واتای : مواتی شکاتەکەیان(ی بیست)[٤]. ڕایەکی کۆنتریش هەیە کە ناوەکە نە سامییەو نە سومەری، ئەگەر سامیش بێت واتاکەی دەبێتە: پادشای...ی... ـەکەیان ، واتە "نەتەوەکانیان"[٥].

## پادشایەکی ناو داستانێك

تەنهاش وەکو ئاماژە باسێکی کورتی پادشایەکی ناو داستانێکی تایبەت بە نارام سینی ئەکەد دەکەین. لەو داستانەی باسی یاخیبوونێکی گەورە دژی پادشاکەی ئەکەد دەکات ناوی گولا-ئان Gula-AN دێت کە پادشای گوتوم (گوتیوم)ـەو یەکێك لە دەستنووسەکانی داستانەکە (نوسخەی لەندەن) ناوی ئەو لە یەکەمی لیستی پادشاکانە[٦] کە پادشایانی کاکموم و لوللوم و توروککوم و ئامورړو و ئێلام.. یان تێدایە و کە حەڤدە پادشان و بۆیە ناوی " گولا-ئان و حەڤدە پادشا" لەم دەستنووسە نراوە. ئەم نوسخەیە بە درێژی باسی گولا-ئان دەکات و چۆن سەرەتا بەزیبوو بەڵام دواتر سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو بەڵام دیارە سەرکەوتن لەکۆتاییدا هی پادشا ئەکەد بوو. داستانەکە لە بەشەکانی دواییدا شکاوە. هەندێك شتی ئەم نوسخەیەش لەو ئەفسانەیەی بە ((ئەفسانەی کوتێیی نارام سین)) ناوبراوە دەچێت، بۆ نموونە تەعبیری "نە گۆشتی هەبوو و نە خوێن"[٧] کە وەسفی کەسێك دەکات ناوی لە دەقەکەدا نەماوەو شتێك نزیك لەمە لە ئەفسانەی ناوبراودا هەیە.

ناوی پادشای گوتیی ناو چیرۆکەکە بە گومانەوە خوێنراوەتەوە، مەبەستیش لە بڕگەی دووەم کە بە ئان AN نووسراوەو دیار نییە واتای "خوداوەند"ی هەیەو بەم جۆرە دەتوانرێت بە جۆرە بخوێنرێتەوە کە دەکرێت هەروەها بە ئەکەدی بوترێت (خوداوەند بە سومەری"ئان"ـەو بە ئەکەدی"ئیلوم"ـە) یان تەنها بەهای فۆنەتیکیی هەیە واتە "ئان"و بەم جۆرە ناوەکە دەبێتە (گولان).

هەرچەندە ئەم پادشایە لەناو داستاندا باس کراوە بەڵام دوور نییە ئەساسێکی مێژوویی بۆ ئەم باس کردنەی هەبێت هەرچەندە ئەمە ئیحتمالێکی لاوازە (بڕوانە باسی سیموررروم لە بابەتی: وردە فیرعەونەکان.. کە چۆن کەسایەتیی تری

نوسخەی تری داستانەکە لە ڕاست دەچن). بە هەرحاڵ تەنانەت ئەگەر کەسی واش هەبووبێت هاوچەرخێتیی ئەو لەگەڵ نارام سیندا وا دەکات بەدووری بزانین یەکێك لەو پادشایانە بێت کە حوکمی وڵاتی دوو ڕوباریان کردبوو.

## تیریگا(ن)

کۆتایی حوکمی گوتییەکان لە کاتی دوایەمین پادشایان بوو، تیریگا Tiriga بەپێی لیستەکە، لەکاتێکدا بەڵگەی تر جگە لەو لیستە سەبارەت بە کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی ئەکەدی نووسراوێکی پادشای ئوروکە، ئوتوخێگاڵی سومەری کە بەسەر گوتییەکاندا سەرکەوت.

ناوبراو دەوروبەری ساڵی ٢١٢٠ پ.ز سەرکردایەتیی شۆڕشێکی دژ بە گوتییەکان کردو بووە دامەزرێنەری بنەماڵەیەکی فەرمانڕەواو لە هەمان کاتدا دوایەمین پادشای ئەو بنەماڵەیەش بوو. ئوتو-خێگال باسی دەکات چۆن سەرەتا لە گوتییەکان ترسابوو بەڵام کۆمەکی خوداوەندەکانی دەستکەوت و تیریگان Tirigan ؛ پادشای گوتییەکان بەتەنها بۆ شاری دوبروم Dubrum هەڵهات. لەوێشداو لەبەرئەوەی زانیبوویان ئوتو-خێگال بووەتە پادشا، تیریگان و ژنەکەی و کوڕەکەیان تەسلیم بەو کرد ئەویش دەڵێت کە پێی نایە سەر ملی ئەو پادشایەی گوتییەکان[١].

شکستی پادشای گوتی دواتر بووە بابەتی فاڵێك. ئەو فاڵە دەڵێت ئەگەر شەش دەماری بچووك لەسەر جگەری قوربانییەکە بینرا ئەمە فاڵی تیریگانی پادشایە کە لەناو لەشکرەکەی هەڵهات[٢]. فاڵێکی تر پەیوەندیی هەیە بە مانگگیران لەگەڵ دیاردەی تر لە چواردەی تەمموزدا: بڕیارێك بۆ پادشای گوتییەکان دەدرێت و گوتییەکان لەشەڕدا دەبەزن و وڵاتەکەیان بێ چەك دەمێنێتەوە. گرنگیی ئەمەش لەوەدایە کە ڕەنگە شەڕەکەی ئوتو-خێگال لە چواردەی تەمموزدا بووبێت[٣]. مانگی تەمموزیش لەنێوان مانگی حوزەیران و تەمموزی ئێستایە. دەقێکی کاتی سلوقییەکانیش هەیە کە هەمان فاڵی پادشا تیریگان (تیریققان) لە ناو لەشکرەکەیدا تیاچوو[٤].

ناوی تیریگان چەند سەدەیەك دواتر لە باکووری ڕۆژئاوای سومەرو ئەکەددا دەبینرێت. ناوەکە لە ناوچەی دەوروبەری شاغربازار کە کەوتبووە ناوچەی (جزیرە) لە هەمان کاتی قابرادا هەبووە ( بە شێوازی تێریکان Terikan)[٥]. شارێکیش بە ناوی تیریقان لە کودوررو(بەردی دەستنیشانکردنی سنوور)ی پادشای کاششی نازی ماروتتاشی یەکەم[٦].

هەبوونی (ـان) یان (ـگان) لەهەندێ ناوی پادشای گوتیدا جیگەی سەرنجە. کۆتایی (ـان)و an- لە ژمارەیەك ناوی کەسان لە شاغر بازاڕدا بینراون. تورۆ-دانجان و لاندسبێرگەر بە موحتەمەلی نازانن گوتی بن[٧]. هەڵگرانی ئەم جۆرە ناوانە لە دەقەکانی شاغر بازاڕدا بە گوتی ناونەبراون بەڵام گوتییەتیی ناوێکی وەك بیگان ($^{ki}$Bi-ga-an(ŠÀ.ERÍN gu-tu-ú ڕاستە. ئەم ناوە لە دەقێك لە (سیپپار) یان لە (کیش)دا هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ بەشەکانی دوایی سەردەمی کۆنی بابلی[٨] ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات کە کۆتاییەکە گوتی بووە یان بەلای کەمەوە گوتییەکان یەکێکن لەو گەلانەی ئەو کۆتاییە لە ناوەکانیاندا هەیە.




جگە لەو پادشایانەی لەسەرەوە باسکران کەسانی تریش هەن بەگشتی وەك "گوتی" وەسفکراون یان وتراوە پادشای گوتین وەك ئێندوششیٚ و زوزوم... کە لەسەردەمی شمشارەدا ژیابوون و باسی ئەمانە لەگەڵ بەسەرهاتەکانی ئەو شارەدا گونجاوترە.

# نامەیەکی سەردەمی ئەکەد

## (لەبارەی گوتییەکانەوە) *

***وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە***




نامـەی پیـاوێك بـەناوی ئیشـكون داگـان (Iškun-Dagan) لەلایـەن (تـورۆ-دانجـان)ـەوە لـە (Revue A'ssyriologie) ژمـارە (٢٣) لاپـەڕە (٢٣) بـەدواوە بڵاوکرابووەوە. ماوەیەکی کەمیشە نامەیـەکی دیکـەی ئـەم کابرایـە پێشـکەش بەلێپرسـراوانی مۆزخانـەی بەریتانی کراوە ئەویش لەلایەن دکتۆر (ن. ل. کۆڕکیڵ) کەپێشـتر نەشـتەرگەری مـەدەنی بـوو لـە (بـەغدا)دا و ڕێگەی پێدام لە بەغدادا لێی بکۆڵمەوەو نەقڵی بکەمو ئێستا ژمارە (١٢١٢٠٥)ی دراوەتێ.

لەوحەکـە لـە (ناصرییـە)دا بەدەسـت کـەوتووەو هەرچەندە قسەی ئەو جووتیارەی لەوحەکەی لابوو و وتبـووی کـەوا لـە(سـنکەرە)دا دۆزرابـووەوە قسـەیەکە بایـەخی پـێ نـادرێت، بـەڵام گومـان لـەوەدا نییـە لەشوێنێکی ناوچەی مونتەفك[1] بەدەست کەوتبێت.

زۆریـش ڕێـی تێدەچێـت بـەهۆی قاچاخەپشـکنین بووبێت کە لـە وەرکا (ئوروك)دا کرابـوون. ڕەنگـە ئـەم لەوحـە لەهـەمان شـوێنو کـاتی دۆزینـەوەی لـەوحی یەکـەم (کـە ئێسـتا لەمۆزەخانـەی لوڤەردایـە) دۆزرابێتـەوە، بەشێوەیەك دوو نامەکـە لەئەرشـیفی نـێردەر دۆزرابوونـەوە نـەك لەئەرشـیفی وەرگـر، ئەمـەش حاڵەتێکـە جێـی سـەرنجەو ژمارەیـەکی زۆری هاوشـێوەی هەیـە. نووسـینەکە نەرمـەو وردەکـاریی زۆری تێدایـەو قـەبارەی گەورەیـە. بـەهۆی ڕووداوێکیش کاتێك لە لەوحەکەم دەکۆڵییەوە لە بەغدادا، پاش ئەوەی نوسخەی خۆمم نەقڵ کردو تەواوم کرد، لەوحەکە شکاو هەندێك لەهێماکانی دێڕی (٤-٢١) زیانیان پێ گەشت.

## وەرگێڕانی نامەکە

ئیشکون داگان وەها بۆ .... [١] *(قسە دەکات/ وەرگێڕ)* : زەوییەکە بکێڵەو وڵاخەکان بپارێزە. تائێستا گوتییەکە [٢] زەوییەکەی نەکێڵاوە. مەڵێ چۆن وا؟ تۆ بەهێزیت بۆیە لەولاتی ئەکەد نیشتەجێ بە (؟) و زەوییەکە بکێڵە. با بگەرێن (؟) بۆت بۆ عەمارەکان و گۆمەکان بۆ نزیکبوونەوەیەکو وڵاخەکان بۆ ناوەوەی شارەکە بەرە. سەبارەت بە (؟) ئەو وڵاخانەی گوتییەکان بەخێویان کردبوون (؟)، سەبارەت بەخۆم من هیچ ناڵێم‌و پارەکەت دەدەمێ، سوێند بەژیانی شارکالی شارری **Šarkališarri** [٣] دەخۆم ئەگەر تۆ بەڕاستی‌و بە ئارەزووی خۆت ئەو ئاژەڵانە تەسلیم بکەیت کە گوتییەکان بەخێویان کردبوو (؟) من پارەکە دەگوێزمەوە (؟ وشەی پیتاوپیت: هەڵدەگرم) و کاتێک (وڵاخەکان) دێنە لام پارەکەت دەدەمێ، بەڵام تۆ بۆت نییە وڵاخەکان لای خۆت بهێڵیتەوە. با ئەوەی زەوییەکەت بۆ دەکێڵێت لەشوێنە نیزامییەکانی خڕکردنەوەی دانەوێڵە جێنشین بێت (؟) *(وشەکە: خێوەت هەڵبدات/ وەرگێڕ)*.تەعلیمات بەتۆ دران [٤].

ئەم نامەیە بایەخێکی مێژوویی هەیە ئەویش لەوەدایە وێنەیەك دەکێشێت بۆ ئەو پەشۆکاوییەی وڵاتی بابل [٥] کاتی حوکمی شارکالی شارری کە بەهۆی گوتییەکانەوە بوو. دیارە ئەم گەلە لە هەندێك شوێندا، ڕەنگە باشووری وڵاتی بابل‌و بۆ ماوەیەك دەسەڵاتدار بوون .گومانی تێدا نییە ئەمە ڕووداوێکە بەهۆی ((کۆمەڵانی گوتیوم))ەوە [٦] بوو، کە لە لیستەکانی بنەماڵەکانی پاشایاندا دەردەکەوێت، ئەمەش چونکە تۆمارێکی مێژوویی بڵاونەکراوە دەڵێت هەرەسی حوکمی نارام سین بەهۆی گوتییەکانەوە بوو.

ماوەیەکی زۆریشە زانراوە کە شارکالی‌شارری لەجەنگدا بوو دژی گوتییەکان‌و کە هەندێك کێشە لەباشووردا بوونە هۆی ئەوەی لەئوروکدا شەڕێك ڕوویدات.ئەم نامەیەی ئێستاش لەوە دەچێت بگەڕێتەوە بۆ کاتی یەکسەر پاش سەرکەوتنی پادشای

ئەوە نوسینەی سەرەوە لاپەڕەی ٩٤ تا ٩٩ لە کتێبی مێژووی دێرینی کوردستان